کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
21-7-2007 19:44:40بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# لە سێبەری پیاوکوژاندا............ووچانێك

ئارام حەمە




من ڕەشترین پیاوی دونیا بەردەوام بە مرەکەب دەست و
دەموچاوم دەشۆم
لە کلاو ڕۆژنەی ژورەکەمەوە بۆ ڕوناکی دەڕوانم و دیار نیە
سێبەری ئەوان شاری تەنیوە, بەهەر کوچەیەکدا دەڕۆیت هەر
ئەوانن
سەرکردەکان بە بۆنی خوێنی ئێمە مەست دەبن
پەتی سێدارەی ئەوانە لە ملی من نابێتەوە
بە دوای ڕێگایەکدا دەگەڕێم بەرەو ڕوناکی ڕابکەم
ڕابکەم لەو مەملەکەتەی خیانەت لە سەرتا پای دەچۆڕێت دزی لە چاوەکانی دا
دەبریسکێتەوە
ڕاکردن لەو ئاوەدانییەی کچەکا نمان پاشماوەی ئەنفامان بەزور سێکسان پێ دەکرێت
داوای جەستەیان دەکرێت
لە پێناوی پارچە زەوییەکی بێ فەڕدا
ئەو زەوییەی نەفرەتی لی بکەی باشە
ئەو زەوییەی ملکی ئەوەو هیی من نیە
(ئەوەی بەم ولاتەوەم دەبەستێت تەنها پێلاوەکا نمە نەك دڵم)
ئەوە هەر تێزابی ڕۆحیانە جەرگو دڵم دەسوتێنێت
خاکێك گوڵەکانی لە سێبەری جەلادە نوێیەکاندا سەوز بن
ئیدی عەتری چی بڕێژن

زەمانێکە هەرکەس بۆخوی دەئاخفێت و کەس نامەی کەس ناخوێنێتەوە

زەمانێکە خەڵك قسەی گەورە گەورە دەزانن و چاو لە درۆکانی ئەوان دەپۆشن

چاو لە دزییەکانی ئەوان دەپۆشن ئەو دەمانەی مەزات لەسەر ڕۆحی ئێمە دەکرێت

لەسەر مێزە سەوزەکانی شەوان زەوی بە قومار دەدۆڕێنرێت و پاشماوەی ئەنفالەکانیش

لەژێر چرا کزەکانی گەرمیاندا دەگرین و ڕۆژ دەکەنەوە

زەمانێکە ویژدان دەمێکە فرۆشراوەو خراوەتە نێو سەدەفەکانی دەریاوە

من دەگریم گریانم هەر بەردەوامە

بۆ دابەش کردنی دەسەڵاڵاڵاڵاڵاڵاڵاڵاڵاڵاڵاڵاڵاڵاڵاڵاڵاڵاڵاڵاڵاڵات

بۆ دەبەش کردنی کورسیە ژەنگاوییەکان

بێ نرخدان بە بۆچونەکانی ئێمە بێ خوێندنەوەی چاوەکانی هەژاران

.................

ژەنینی کەمانچەکانی من لە تاریکی دا بەردەوامە تا کردنەوەی ئەو درگا ئاسنیە گەورەیەی لەسەرم کۆڵوم کراوە......

نوتەکانم بەدەم

بای پایزانەوە لە گەڵ گەڵاکاندا سەمادەکەن

لەنێو خەتی نۆتەکاندا تەمەنی بابردومان دەبینم کە زور قورسە بۆ ژەنین لەسەر ژێی کەمانچەکان

من نازانم درزی کردنی ئێوە تا چ زەمانێك دەبێت

تا سیناریۆیەکی نۆی بنووسم بۆ ژیان

من زۆر لە دزە گەورەکان دەترسم

لە سێبەری پۆستاڵەکانیان دەترسم

لە ورگە زلە کانیان دەترسم

لە بۆینباخە درێژەکانیت دەترسم

له گیرفانه قوڵه‌كانیان ده‌ترسم
كه پڕ نابێت تا ئه‌به‌د
شه‌ڕی من له‌گه‌ڵ ئێوه‌دا به‌رده‌وامه ئه‌گه‌رچی من به‌ته‌نهام
چه‌كم ته‌نها پێنوسێكی هه‌ژاری ماندووه
یاخیم له هه‌موو یاساكانتان یاخیم له سه‌روه‌ری كورسیه پیسه‌كانتان
ئه‌وه خوێنی منه له نێو فنجانه‌كانی ئێوه‌دا
هه‌رگیز ده‌ستی ئێوه ناگوشم
ده‌سته‌كانم به‌دور ده‌گرم له ژه‌هراویی بۆن به بۆنی ئێوه
قه‌ت كۆڵ ناده‌م بشمكوژن
من هه‌ر دژی ئێوه ده‌جه‌نگم
ده‌ستم ده‌ستی ئه‌نفال وكیمیا بارانه ده‌ستم ده‌ستی خه‌ڵك و كۆمه‌ڵگایه‌كی هه‌ژاره
شوناسی ئێوه بریتییه له پاره
پاره پاره پاره
دۆلار دۆلار دۆلار
له ده‌سته‌كانتان سه‌وز ده‌بن
ئای ئێوه كه بێ به‌رهه‌من
ئای له دزی كردنی ئێوه
ئای له گه‌نده‌ڵی ئێوه
وته‌كانتان وه‌كو بڵقی سه‌ر ئاوه
وه‌ك سه‌رابه له بیابانیكی گه‌وره‌دا
درۆ ده‌كه‌ن ..........به‌رده‌وام كراسی درۆله به‌رده‌كه‌ن
ئێمه‌ش كورسییه‌كانتان به نه‌فره‌ت ده‌كه‌ین
ڕۆژێك دادێت لاقی قورسییه‌كانتان ده‌شكێن

www.kurdistannet.org
21-7-2007 19:44:40بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**هەرەس دێنن وەکو بەفری چیاکان.............**

*aramhama@yahoo.com*